# تراژیدیای شەهوەت

## وتووێژ لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار دیاکۆ حەسەن نەژاد

**دلاوەر ڕەحیمی**



دیاکۆ حەسەن نەژاد

**ماڵپەڕی ژنەفتن** jineftin.krd

**شێوەکاری**

**هەڤپەیڤین** ٢٠٢٠

دیاکۆ حەسەن نەژاد لەساڵی ١٩٩١ لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لە پانزە شانزە ساڵییەوە سەرقاڵی هونەری شێوەکاری بووە. لەساڵی ٢٠٠٩ دەچێتە زانکۆ و لە کولێژی هونەر دەخوێنێ و بەڵام دوای دوو ساڵ واز لە زانکۆ دەهێنێ و وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات بەشێوەیەکی جیدی خۆی بۆ هونەری شێوەکاری تەرخان دەکات. لەم ساڵانەدا لە چەندین پیشانگای هاوبەشدا بەشداری کردووە و لە شاری تاران و سنە دوو پیشانگای تایبەتیشی کردووەتەوە.

لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەساڵی ٢٠١٦ەوە خۆی و تابلۆکانی دەناسم. ساڵی ٢٠١٧ لە کاتی کردنەوەی یەکێ لە پیشانگەکانیدا ڕۆیشتم بۆ تاران، بەڵام کە پێوەندیم پێوە کرد خۆی لە تاران نەبوو و ئادرێسی- گەلەرییەکەی بۆ ناردم، بەڵام کە چووم وتیان داخراوە. دەمویست لە نزیکەوە ببینم و بۆ هەفتەنامەی (هیچ) دیمانەیەکی کورتی لەگەڵدا ساز بدەم. ساڵی ٢٠١٨ زانیم کە لە سنە خانوویەکی گرتووە و سەرقاڵی پرۆژەیەکی هونەرییە، بەڵام کە چوومە سنە دوو سێ ڕۆژ هەواڵپرسین و پیوەندی گرتن، پێیان ڕاگەیاندم کە چەند ڕۆژێکە بە یەکجاری لە سنە نەماوە. سەرەتای ئەمساڵ قسەم لەگەڵ کرد، وا ڕێککەوتین کە بە زوویی من بچمە ئێران و لەو شارەی کە ئەو بە نیاز بوو ماڵی بۆ ئەوێ بگوازێتەوە یەک ببینین. بەڵام کەرەنتینە و کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ وای کرد نە من توانیم بچمە ئێران و نە ئەویش ماڵی گواستەوە.

لەکاتی دیزاین کردنی ئەم ماڵپەڕەدا بۆ دەستپێکی باشی ماڵپەڕەکە لە مشووری بابەت بووم بۆ سەرجەم بەشەکان، دیاکۆم بیرکەوتەوە و پەیامێکم بۆ نارد کە با ڕێگەیەک بدۆزینەوە وتووێژێک ساز بدەین. دواجار گەیشتین بەوەی کە سێ چوار ڕۆژ بەسەر یەوەکەوە لە کاتێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی ڤۆیس(دەنگنامە)وە من پرسیارەکانم دەکرد و ئەو وەڵامەکانی دەدایەوە. ئەمەی بەر دەستان پوختەی ئەو وتووێژەیە کە بە شیوازی پرسیار و وەڵام دانەڕێژراوە، بەڵکو کۆکراوەی چەندین وەڵام و ڕوونکردنەوەکانی دیاکۆ لە ژێر تایتڵێکدا داڕێژراونەتەوە. (هەڵبەت بە گوێرەی وەڵامەکان هەر کەسێک دەتوانێ بزانێ پرسیارەکان چی بوون). هەر لە یەکەم ڕۆژ بڕیارمان دا کە بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بێزار نەبێ لەو هەموو پرسیار و وەڵامە و دووبارە بوونەوەیان (هەرچەندە لە هەندێ بڕگەدا دووبارەبوونەوەی تیایە، بەڵام ئەمانە وەک پێویستی دەربڕینن).

ئەوەش ناشارینەوە کە بە گوێرەی داڕشتنەوە و ڕیکخستنی دیمانەکە وەڵام و ڕوونکردنەوەکان پێش و پاش خراون، بۆ نموونە ئەم دەستپێکە یەکێ لە دوایین پرسیارەکان بوو.

دیاکۆ لە یەکێ لە قۆناغەکانی کارکردنیدا بڕیار لەسەر خەلق کردنی کۆمەڵەبەرهەم دەدات، هەر کۆمەڵەبەرهەمیکیش لە ژێر ناوێک و نزیکە پانزە تا بیست تابلۆ دەبن. لە

نێو دیمانەکەدا زۆرجار بە ناوی مەجمووعە ناو دەبرێن. مەجمووعەکانیش ئەمانەن: (هار٢٠١٦، ژێر٢٠١٩، ئاڵۆز٢٠٢٠، بێدەرەتان٢٠٢٠)

لەم وتووێژەدا دیاکۆ حەسەن حەسەن نەژاد لەسەر دەستپێک و سەرەتای کارکردنی لە شێوەکاری و پاشان خۆ تەرخان کردنی بۆ شێوەکاری و قۆناغی کارکردنی لە کۆمەڵەبەرهەم و هەر یەک لەو مەجموعانەدا بە گوێرەی پێویست روونکردنەوەی داوە. هەروەها تێڕوانینی خۆی لەسەر فۆرم و مانا لە بەرهەمی شێوەکاری و لە بەرهەمەکانی خۆیدا خستووەتەروو. بە ڕاشکاویش ڕوانینی خۆی وەک هونەرمەندێکی شێوەکار لەبارەی هونەر لە قۆناغی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و بەرپرسیاریەتی و هونەر و سیاسەت باس کردووە. جگە لە چەند پرسێکی تر، لەسەر هونەرمەند، بەردەنگ و ڕەخنەگر و ئەو دیوە تراژیک و تاریکەی نێو بەرهەمەکانی هەڵوەستەی کردووە.

## دەستپێکی

## خۆتەرخانکردن بۆ شێوەکاری

دیارە وەک دەستپێک و سەرەتا هەر کەسێک کە دەیەوێ بێتە نێوە گۆڕەپانی هونەری شێوەکارییەوە، کۆمەڵێ مەسەلەی وەک تەراحی و شتی سەرەتایی هەیە کە دەبێ بیزانێ، ئیتر لە زانکۆ فێری دەبێ یان لە دەرەوە یان خۆی فێر دەبێ، گرنگ نییە، بۆیە بە پێویستی نازانم لەسەر ئەمە بڕۆم. من ئەمانە فێر ببووم.

لە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ کاتێ لە زانکۆی هونەر بە یەکجاری هاتمە دەرەوە، یان ڕاستییەکەی (دووسەرە و دوولایەنە بوو) دەریانکردم، دەستم کرد بە کاری جیدی. نە زانکۆ ئەوە بوو من دەمویست و داخوازی بووم، نە سوودێکی ئەوتۆی بۆ من هەبوو، نە بە کاری ئەو ژینگەیە دەهاتم. چوونم بۆ زانکۆ بە وزە و توانا و خولیایەکی زۆرەوە بوو. بەڵام زوو هەستم بەوە کرد کە ئەوێ ژینگەی من نییە. بۆیە کەم دەچوومە سەرکلاس، بەڵام لە ژوورەکەم هەمیشە خەریکی تەمرین و کارکردن بووم. بەکورتی لەگەڵ ئەو ژینگەیە نەگونجام، ئیتر ماڵئاواییمان لەگەڵ یەکتر کرد. دوای ئەوە ئیتر خۆم تەرخان کرد بۆ تێگەیشتن و کارکردن لە هونەر و داهێنان و خەلقکردن؛ لەگەڵ ئەم جۆرە لە بڕیارانەشدا هەڵبەتە کۆمەڵێ ڕێگە دێنە بەردەمت، بۆ منیش وابوو، کۆمەڵێ کەسایەتی و گروپ و کۆڕ و کۆبوونەوە، ئەمانەش لەم جوگرافیایەی ئێمە تیاییدا نیشتەجێین جۆرێک بانگەشە و خۆهەڵکێشان و نمایش دەکەن. من بە هیچ یەک لەو ڕێگانەدا نەڕۆیشتم و دوور کەوتمەوە. پێمواببوو کە ئینسان بە دروستی و باشی و بە دیدێکی ڕوونەوە بیەوێ لەم مەسەلە بە وردی و ڕاستەخۆ تێبگات و لەگەڵیدا دەرگیر بێت، بە سەدان سەرچاوە و هەوڵ و ڕێگەی دیکە هەیە. ئەمەش بە کارکردنی بەردەوام و

خوێندنەوە و هەر شتێکی تر بێت. بەهەر حاڵ ئەمە ئەرکێکە دەکەوێتە سەرشانت، ئەمە باشترە نەک هەموو ئەرکەکە یان هەوڵەکان بسپێری بە کەسی تر کە ئەرکەکەت لە کۆڵ بکاتەوە، کە ئاسان نییە و لەکۆڵ نابێتەوە، چونکە مامۆستا یان هەر فێرکارێکی تر تەنیا دەتوانێ ئاشنات بکات. وەک خۆم هیچ ڕێگەیەکم لەوە پێ باشتر نەبوو کە بێوچان خەریکی کارکردن و ئەزموون کردن بم، ئیتر ئەمە بووە تەعەهودیک لەگەڵ هونەردا و پشت بەستن بە **ڕاستی و هەقیقەت**. نەک لەبەر کۆمەڵێ بەرژەوەندی هەندێ کەس و ناچاربوون بە پەسندکردنی هەندێ شت ڕێگەکەی تر هەڵبژێرم. پێموابوو دەبێ کارمان لەگەڵ **چەمکەکان و مەفاهیمەکان** بێت نەک کەسەکان و ڕەوتەکان و گروپەکان و ناوەکان و مۆدەکان.

لەگەڵ ئەوەی کە بە کردەیی دیدارم لەگەڵ هیچ کەسێکی هونەرمەند نەبووە کە سوودێکی بۆم هەبووبیت، بەڵام درۆیە گەر بڵێم هیچ کەس کاریگەری لەسەر من نەبووە، زۆر شت و کار کاریگەرییان لەسەر من داناوە، تەنانەت دەکرێ بڵێین تێکستێک، نووسراوەیەک، بەرهەمێک، بەڵام شەخسێکی تایبەت نەبووە. ئەوکات و ئێستاش لەو بڕوایەدام کە هونەرمەند دەبێ پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێ؛ کار بکات بۆ هەرچی زیاتر بەتواناتر و بە وزەتر بوونی لە هونەردا، ئەوەشی لە خۆیدا دەروونی کردبێتەوە. بۆ نموونە کەسێک ئاگاداری مێژوو و کاری ڕەوت و جەریاناتەکانی لە پێش مۆدێرنیستەکانەوە تا مۆدێرنیستەکان و مینیمالیستەکان و پۆست مۆدێرنیستەکان لەگەڵیان بووە و هەزمی کردوون و تێر بووبێ لێیان و دەستکەوت و شکستەکانیان بناسیت، دەزانێ پۆست مۆدێرنیستان خەریکی چین، تا بگاتە ئەو قۆناغەی کە ئیتر خۆی بڕیار بدات کە دەبێ چی بکات، ئەو جوانییەی بە پێی بنەماکانی خۆی و زەرورەتە زاتی و دەروونییەکانییەوە لە ژێر دەستی ئەم لەدایک دەبێت. جگە لەمە و توانا و زانین و ئاگادارییەکانی، بە بوێرییەکی زۆر و بەرگەگرتن و خاکەڕاییەوە پێویستی بەسەر لە نوێ پێداچوونەوەی ئەمانە هەیە تا خۆی ڕاستییەکە ببینێ و هەستی پێبکات. دیارە کە ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کە دەڵێم پێویستی بە بوێرییەکی زۆر و تەحەمول هەیە، چونکە ڕەنگە ئەمە ئینسان ئازار بدات. ئەمە ڕێگەیەکە من ئەزموونم کردووە و پێموایە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن بەرهەمێکی خۆت، دەبێ ئەم ڕێگەیە ببڕی. چونکە من پێموایە ڕێگەکانی تر ڕێگەی بەلارێدا براوە و ئەمەش خەسارێکی گەورەیە. لەو ڕێگە بەلارێدا براوانەدا ڕەنگە کەسێک بە شێوەیەکی کاتی هەست بە ئارامییەک بکات. بۆ کەسێک کە کەڵکەڵەی ناوی هەیە بە پشت بەستن بە بیستن و فێرکار و کۆڕ و مەحفەل و ئەو ڕێگە ئاسانانە ڕەنگە بگات بە هەندێ شت. یەکێ لە خەسارەکانی تری ئەمەیە کە بۆ نموونە لەناو ئەم ڕەوت و مامۆستا و مەحفەلانەدا پەرتەوازەیی هەیە، تۆ چووی بۆ لای فڵانی، ئیتر لەگەڵ فلان کەسی تردا دوژمنی، ئەمە یانی لەگەڵ مەفاهیمدا سەروکارمان نییە، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێ کەس و تیپ و بەرژەوەندییەکانیاندا مامەڵە دەکەین. ئیتر هەقیقەت و **مەسەلە بنەڕەتییەکە**_ون دەبێ. لێرەوە دەردەکەوێ ئەمە کۆمەڵێ گروپن کە بەرژەوەندی خۆیان نەبێت هیچی تریان ناوێت. ئەم دوو ڕێگایە،

***یەکێکیان ڕێگەیەکی سەختە بەڵام ڕاستەقینەیە، ئەویتریان ڕێگەیەکی ئاسانە بەڵام لاوەڕێیە***، کە دەتوانم بڵێم یان دوای بەرژەوەندییەک بۆ ناو و نان دەکەوی، یان خولیایەکی سەودایانەت لەسەردایە. ***کەڵکەڵەی ناو لای من کەڵکەڵەیەکی بچووک و نزمە***، ئێستاش بە ئاشکرا هەموو کارەکان بۆ ئەم کەڵکەڵەیە و بە ئاشکراش باسی دەکەن. ئەو کەڵکەڵەی ناوە نەک ناتوانێ دروستکەر و بونیاتنەر بێت و هەرگیز ناشتوانێ مەیلێکی دەروونی و جوانیناسانەی لە ئینساندا دروست بکات بۆ خوڵقاندنی بەرهەم. ئەو کەسەی ڕێگە دروستەکە هەڵدەبژێرێ، سازش و مامەڵە لەسەر خولیا و سەوداکانیدا ناکات و چونکە ڕێی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە.

## قۆناخی کارکردن لە کۆمەڵەبەرهەم (مەجموعە)دا

## "کەمکاری یانی خەیانەت"

لە شێواز و لە فۆرم و لە تەکنیک و لە ناوەڕۆکدا مەجموعە بە مەجموعە جیاوازی هەیە، بەڵام ئەگەر وردتر تەماشا بکرێت دەتوانرێ نزیکایەتی و پێوەندنی لەناو هەموو کارەکاندا ببینرێ.

بەگشتی لەسەر مەجموعە یان کۆمەڵە بەرهەم ئەوە بڵێم دیارە لە هەر مەجموعەیەکدا سیالیەتێک (سازگاری و هەماهەنگی) هەیە. جاری وایە بەلای منەوە یەک تابلۆیە، ڕەنگە بە پانزە تابلۆ یان بیست دانە بەرهەم بێت و تەواو ببێت، یانی هەر بەو جۆرەی کە هەست بکەیت لە یەک تابلۆدا ئەو کارە تەواو بووە، بۆ یەک کۆمەڵە پانزە بیست تابلۆیی کاری تیاکردووە پێی وابێ ئاوا تەواو بێ.

لەسەرەتاوە کارکردنم بە مەجموعە نەبوو، سەرەتا سەدان ڕێگەی تر ڕۆیشتم، ڕێگەگەلێک و کارهایەک بوون دەبوایە بکرایەن (وەک لە سەرەتاش هەندێکم باس کرد). دەبوایە ئەوانەم بکردایە تا بزاوتێک بە خۆم بدەم. ئینجا لە قۆناخێکدا بڕیارم دا بە کۆمەڵە کار بکەم، ***چونکە داخوازی و ویستێکی دەروونی هەبوو***. ئینسان ئیتر دەگات بە شوێنێک، قاعیدە و ڕێوشوێنێک (نەک قاعیدەیەکی داسەپاو) بۆ خۆی دروست بکات هەڵبەتە لەسەر بنەمای مەعریفەیەکی شەخسی، نەک لەڕووی تیۆری و شتێکی داسەپاوەوە. کەسێک کە دەیەوێ فوول تایم کار بکات، یان هونەر و شێوەکاری بێ بە ژیانی، پێویستی بەوە هەیە. لەوێدا دەتوانێ گەشە بکا و زۆرترین بەرهەم و دەستکەوتی هەبێ. دەستکەوت بەو مانایەی کە بتوانێ ڕوو بە بەرهەم و خەڵقکردن بڕوات.

ئەوەشی کە یەکێک خۆی دووپات دەکاتەوە، ڕەنگە گەیشتبێت بە ئیدیاڵێک، بە سەقف یان جێگەیەک، یان دروستتر بیڵێم کەوتبێتە ئەو داوەوە، کە بەلای منەوە زۆر

ترســـناکە. ***من نەک بۆ هونەر و شـــێوەکاری، بۆ ژیانیش لەگەڵ دووپات بوونەوەدا نیم،*** هەر شـتێ کە دووپات دەبێتەوە دیارە کە ئەسـووێ و هیچ تامێکی نامێنێ، یانی بە جۆرێک گەندەڵ دەبێت، جا وای بە حاڵی ئەو کەسـەی کە کاری هونەر دەکا. ئەسـڵەن هونەر بۆ هەمیشە تازەبوونەوەیە، هونەر یانی خەڵق کردن، یانی نوێکردنەوە و داهێنان، گەر دووپات ببێتەوە ئەوە ئیتر دەردە.

سـەرەتاکان و بەر لەوەی دەسـت بکەم بە کاری مەجموعە رۆژانە سێ تابلۆم دەکێشـا، ئێسـتاش بەو ئەندازەیە کار دەکەم، دانەبڕاوم، لەوەتەی من تابلۆ دەکێشـم تا بە ئەمڕۆ لەو ئاستە لە کارکردن دانەبڕاوم، پێموانییە تا هەم دابڕێم. هەڵبەتە من لە پاڵ ئەم ئیدە و بیرۆکەی کۆمەڵەبەرهەمانەدا کار لە تابلۆی دیکەشدا دەکەم.

بە شـێوەیەکی ئاسـایی سـاڵی دوو مەجموعە یان یەک مەجموعە یان پێشـهاتووە کە سێ سـاڵی پێچووە تا کارم لە یەک مەجموعەدا تەواو بووە. یانی لەو سێ سـاڵەدا دوو سـاڵ و نیوەی هەموو ئەوەی کارم تێدا کردووە، وەلاناوە، ئینجا گەیشـتووم بەوەی کە بڕیارە چی بکەم. ئەمەش بەسـەرهـاتی زۆرە، مێژوویەکە، ئەزموونێکە، ڕەوت و بـزاوتێکە، زیندووبوونێکە و مەرگێکە، سەختییەکە، خۆشی و چێژێکە، ژیانێکە.

ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە من بە هیچ شـێوەیەک تووشی ئەو وەهمە نەبووم کە بڵێم هەر کاتێ دەستم کرد بە کار، کارەکەشم شاکار دەردەچێت، بێزاریشم لەو جۆرە تێڕوانینە عیرفانییە بیتامە، کە لەم جوگرافیایە ئەوەی باسی هونەر دەکا دەرگیری ئەم قۆڕیاتەیە. وادادەنین گوایە وزەیەکی خوایانەیان لە پشـتە، تا ئاسـتێک کە ئیجازە بە خۆیان نادەن کارەکەیان ئیمزا بکەن و بە کارێکی خواوەندی دەدەنە قەڵەم.

جاری وایە بە هەفتە بە مانگ ***سـەرقاڵی گەڕانم و خۆم مەڵاس داوە بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی کە جوانە، یان خودی جوانی،*** ئەوەی کە خۆم دەزانم تا دێتە دەستم. ئەمە بە شـەو و ڕۆژ کارکردن دێتە دی. پیم وایە هەر هونەرمەندێک کە دەیەوێت کارێکی ڕەسـەن بکات، دەبێ بەو پنتە بگات کە خۆی دەیەوێ، ناتوانێ بە چاوی دیتران سـەیری (بووم-کانڤاس)ی خۆی بکات، ناتوانێ لەگەڵ خۆی درۆ بکات. هەر هونەرمەندێک بەم پنتە بگات و یەکجاریش بینیبێتی و هەستی پێکردبێت ئیتر بەو ڕاستییە دەگات، شتەکانی تر کە دەمێننەوە چێژ و کایەیە، تام و بۆیە. بۆ من شـێوەکاری هەرگیز جۆرە گەمە یان کایەیەک نییە کە بەس بۆ سەرگەرمی و چێژ، بەڵکوو ***پرۆسەیەکی لە حاڵی گەشەدایە*** و پرۆسەیەکی زیندووە کە هەمیشە دەبێ بجووڵێ و بزووێ.

ئینجا ڕاسـتییەکیش بڵێم پڕکاری لای من فەزیلەت و شـایەنی شـانازیکردن نییە، بەڵام ***کەمکاری یانی خەیانەت***، یانی مەسـخەرەکردنی زەمان، تەوهینە بە کات، بۆیە ئەمە بزانی ئیتر پڕکاری شـتێکی عەجیب نییە. ئەسـڵەن لێرە مەبەسـتم لە کەمکاری و پڕکاری، زۆر بەرهەمی و کەم بەرهەمی نییە، مەبەسـتم لە گەڕان و زۆر هەوڵدانە لە بەرهەمێکی

باش و ڕەسـەن، نەک بەرهەمەکانی زۆر بن، ئەمەیان گاڵتەجاڕییە کابرا لە پەسا چوار پیشانگا دەکاتەوە لەساڵێکدا.

بۆ ناونانی هەر کۆمەڵەیەک لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر وا بە ئاسانی ناویان لێنانێم، بەڵام پێمخۆشە هەمیشە ناوەکان سادە بن.

## فۆرم یان مانا

## "فۆرم مۆنتاژکردنێکی ئینسانییە"

بێ مانایە گەر من باسی مانا بکەم، یان تۆزێ بێ مانایە من بڵێم مانا چییە. هەرچەند ئێستا بیرۆکەیەی ئەبستراکت هەیە لە ناوەندەکە، کابرا پێی وایە مانایەکی قووڵی لەناو تابلۆکەی بەکاربردووە، بەس خۆ ئەم مانایە دەبێ وجودێکی هەبێ. بەڵام ***فۆرم ڕوانگەیە، چاوگە*** ، فۆرم ئەو شتەیە کە لە تابلۆیەکدا لە ڕەهەندێکی دیاریکراودا گشت بەشەکانی دەردەخات، نیشانی ئەدات، بە مانایەکی تەواو دەرخستنە، جێگرکردنییەتی بۆ هەتاهەتایە، ***فۆرم جاویدانگییە*** ، ئەو شتەیە کە قەت نامرێ، ئەو دەسەڵاتە نوێیەیە کە یەک دانە ئەجزا دەتوانێ تیایدا خانووی بێ، بوونی بێ. لەمەشدا مەبەستم فۆرمێکی بەهێز و ڕەسەنە. فۆرم دەسەڵاتێکی ئینسانییە کە ئەعمالی دەکات، بۆ نموونە کەسێک کە چاوی بە شتێک، بابەتێکی خۆش یان ناخۆش دەکەوێت و ئەو شتەی دەریدەبڕێ و چۆنیەتی دربڕینی ئەو شتە پێی دەڵێن فۆرم. فۆرم مۆنتاژکردنێکی ئینسانییە. ***لەناو فۆرمدا من بڕوام بە سەرتربوونی سروشتیش نییە.***

بە گوێرەی چوار مەجموعە کارکردنی ئەزموونەکانی خۆم کەمێ ڕوونی دەکەمەوە. سەرەتا پێمخۆشە باسی ئەوە بکەم کە ئێستا هونەر بۆ من چییە، یان من بە بۆنە و لەڕێگەی هونەرەوە چی دەکەم، یان من لەگەڵ هونەردا خەریکی چ سەروسرێکم. ئەوەی ئێستا بۆ من ئەولەویەتە کۆمەڵێ هەستی نەناسراون و بووژانەوە و دەوڵەمەند کردنی ئەو کۆمەڵە هەستن. هەرچەندە بەداخەوە لای ئێمە کە ناوی هەست دەبەیت، کۆمەڵێ شتی مناڵانە و کلێشەیی و دووپاتەیی دەچێتە ناو مێشکیان کە ئەمەش خەسارێکی زۆر قووڵە. بە بەدسەلیقەیەکی زۆر سەیری ئەم شتە دەکەن. وەکبڵێی ئیتر نوێبوونەوەیەک، هونەرێک نەمابێت، وا سەیری هەستەکان دەکەن تەنانەت ئەو کەسەی کە هەستێکی نوێی هەیە بۆ کارێک، کە تەماشای دەکەی، زۆر شتێکی کلێشەیی دێتە بەرچاو، زۆر ئاشنایە، یەکێک لە خواستەکانی من ئەو ئاشناییزداییە(دێفامیلیاریزاسیۆن)یە، یانی ئیتر ئاشنا نییە بۆ هەمیشە.

من ئەم هەستە نوێیە کە خودی تاک لە ناو ئەو بەرهەمەدا خۆی هەست بە خۆی دەکات و هەستێکی بە تەواوی نوێی هەیە، کە پێشتر نەیبووە، بوونی خۆی بە شێوازێکی

تەواو نوێ کە خۆیشی. لەگەڵی نوێ دەبیتەوە، بەو جۆرە هەست دەکات، دەتوانم وەک خاڵی هاوبەشی هەموو کارەکانم (لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازیانەی کە هەیانە) پێناسە بکەم.

## مەجمووعەی (هار)

کاتێ من کارم لە کۆمەڵەی **هار**دا دەکرد ساڵی ٢٠١٥، ٢٠١٦، (کارەکان فیگۆراتیڤن) پێشتر بۆ ئەوەی دەست بدەمە ئەو مەجمووعەیە نزیکەی پێنج شەش مانگ سەرلەنوێ هەموو ئەناتۆمی فیزیکی ئینسانم تاوتوێ کرد، لە دەست و قاچ و لە کەلە و لە مل و سینگ و سکی و لە ئەندامی زاوزێ... بەگشتی هاوئەهەنگی ئەو بەش و ئەندامانە کە یەک ئینسانە، کە ئەم ڕوانگانەی هەیە. دوابەدوای ئەوە جووڵەیەکم بۆ دارشت، ئەو جووڵەیەی کە پێم جوان بوو، جووڵەیەک کە هەستێکی نوێ بوو، جووڵەیەکم بۆ دەستەکانی، بۆ قاچەکانی، بۆ ئەندامەکانی دارشت، ئەو بزاوتەم لە ناو بەستەرێکدا کە دەبێتە یەک دانە (بووم_کانڤاس) چەندین جار لەسەریەک تەجروبە کرد، تا بتوانم جووڵەیەک پەسند بکەم، یانی هەر فیگۆرێک جووڵەیەکی تایبەت و گونجاوی خۆی هەبێ. ***کاتێ خەریکی کار لەسەر ئەو فیگۆرە دەکەی، خەریکی دەسەڵاتێکی نوێی بۆ دادەڕێژی***، ئەمە ئەو جووڵەیەیە کە من بۆم دارشتووە. لەناو مەجمووعەی **هار**دا ئەو ڕووداوە ڕووی دا، ئەمە شتێکی بەتەواوی ئەزموونییە کە ئینسان دەبێ بە ئەزموون پەیدای بکا ئینجا بتوانی دایبڕێژی.



کۆمەڵەی هار، ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ساڵی ٢٠١٥، ٢٠١٦

# مەجموعەی ژێر

دوای **هار**، من کارم لە مەجموعەی **ژێر**دا کرد، بەڵام بە سێ ساڵ مەوداوە، ئەوەی دوای ئەو قۆناغە دەمویست، ***کۆمەڵێ (پێکهێن-موئەلەفە)ی تەواو شەخسی. بوون،*** لەگەڵ بوونی کۆمەڵێ بنەما کە پێشتر هەمبوو بۆ فۆرمەکان و جووڵە و بزاوتەکانی فیگۆرێک. بەڵام هێشتا کۆمەڵێ موئەلفەی شەخسی. ترم دەویست. ئەمە وای کرد کە درێژە بکێشێ، چونکە ئەمە شتێک نییە کە بە ئاسانی بەدەست بێت. یەکێ لە موئەلفەکانی کاری من، جۆرە سەرخۆشییەکە کە لە بەرانبەر بەرهەمێکدا دەوەستی کە ئیعمال دەبێ بەسەر ماسولکەکانت و بەسەر هەستەکانت و بەسەر ڕوانینت و تێگەیشتنت و جۆرە توانایەک کە لە لەمسی ئەو کارەدا پێت دەست دەدا، ئەمە خواستی منە. یەکێ لە خواستەکانم ئەوە بوو موئەلفەیەکی ڕاستەقینە، ڕوانینێکی ڕاستەقینە، شتێک کە ئینسان بە تەجروبە دێتە دەستییەوە بەدەست بهێنم. ئەمە بەلای منەوە ڕزگارییەکی سەیرە. ***ئەو کارانەی موئەلفەیان هەیە، هیچ خیانەتت پێ ناکەن، ئەمانە ناسنامەیان هەیە، کەسایەتیان هەیە.***

ئینجا کەلکەڵەی تازەش بۆم پێش هات، لە جووڵەکاندا و لە فیگۆرەکاندا کە دەبزوان، لێرەوە ئیتر مەسەلەی ڕەنگ هاتە پێش و ویستم بە ڕەنگ ئەو تازەگەرییە بکەم، گەر بە ڕاشکاوی بیڵێم دەمویست تاقانە بێت و ببێتە مۆرکی یەک کەس. ئەم خواستە بەرەوە موتالیعەی ڕەنگەکانی بردمەوە و ئیتر گەیشتمە ئەوێ کە لەو شوێنەی نووری لێدراوە جۆرە تاریکییەکە، بەڵام لەو شوێنەی کە سێبەری بەرکەوتووە درەوشانەوەیە. زۆر بە ئاگاییەوە ئەو پارادۆکسەم جێبەجێ کرد. ***هەوڵم دا ڕەنگی خۆم بە دەست بهێنم*** ئیتر مەسەلەی هەماهەنگی نێوان جووڵەکان و ڕەنگەکان هاتەئارا.

بۆ نموونە لە مەجمووعەی **ژێر**دا ناوەڕۆکێک، بیرۆکەیەکم هەبوو دەمویست وردە فۆرمێکی بۆ داڕێژم، ئەو ناوەڕۆکە **(فشار)** بووە، فشارێک بوو ئینسان بەرگەی دەگرت، ئینجا هاتم فۆرمێکی بۆ بدۆزمەوە و لەناو ئەو فۆرمەدا بەکاری ببەم.

یەکەمین شتێ کە منی هاندا بۆ ئەم کارانە، ***مەحکومیەتێک بوو، تەنگ پێهەڵچنینێک بوو لەهەموو لایەکەوە.*** ئەمە هاتە ناو فیکر و ئەندێشەمەوە و لە کۆڵم نەدەبوویەوە، دەبوایە بە جۆرێک نیشانم بدایە، مەجموعەی **ژێر** ئاوا دەستی پێ کرد، وەک حەپس بوونێک. دەبوایە بە ئامرازەکانی خۆم دەریببڕم، بێ ئەوەی بمەوێ بانگەشەیەکم هەبێ، لەگەڵ هەموو ئەو پرەنسیپانەی وەک هونەر لەبەرچاومە بمەوێ لەناو ئەو کارانەدا بەکاری ببەم، ئەمە دەربڕم وەک خۆم، نەک وەک شتێکی پەلە و ئاشکرا و کلێشەیی و دووپاتەیی، بەڵکوو وەک شێوەکارێ، وەک ئارت، ئەمە یەکەمین هەستێک بوو کە بۆ مەجمووعەی **ژێر** تاووم دابێ.

ئەوەی خۆم هەستی پێدەکەم مەحکومیەتێکە، فشارێکی یەکجار زۆرە. ئەوەی بە ئاشکرا دەمبینی، دەمویست ئەمە دارێژمە سەر کانڤاسێک. هەر لەو مەجمووعەیەدا ***کۆمەڵێ ئێلێمانتی شەخسی ـ خۆمم پەیداکرد***. بەلای منەوە بەرهەم یانی ئەو شتە تازەیەی کە خودی هونەرمەند بەدەستی هێناوە و تاڕادەیەکی زۆریش بۆ خودی هونەرمەندەکە قایلکەر بێت. ***بەرهەم یانی جیهانێکی نوێ***، ئینسان بتوانێ لەو جیهانەدا بژی، نەک ئەوەی بەس لە دوورەوە سەیری بکەی. بەرهەم یانی کاتێ تۆ لەو شتە تازانەدا ئاشکرات کردووەتە سەر تابلۆ، بتوانی ڕازی بیت و سازگار بیت لەگەڵیدا، نەک تەنیا بۆ ئەوەی بڵێی کارێکی تازەم هەیە. ئینجا ئەو شتەی لەبەرچاوم گرتبوو ***ئەو ئێلێمانتانە، ئەو نیشانە و هێمایانە بە جۆرێک هەماهەنگ کردنەوەیان بوو، یانی تاوتوێکردن و شیکاری ئەو شتانە و لەپاڵ یەک دانانیان بوو.*** تەنانەت بە ئەنجام گەیشتن و نەگەیشتنی لەپاڵ یەکدا بوو. ئەمە کاری من بوو بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر. ئێستاش ئەو پرۆسەیە نەوەستاوە، من هەردەم ئاواتەخوازی ئەوەم کە کارێکی بەو جۆرە بکەم کە یەکپارچەییەکی ئەوتۆی تیا بێت.



کۆمەڵەی ژێر. ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس

# مەجموعەی ئاڵۆز

دوابەدوای ئەوە هەر بەو نیەتە کارم لە مەجمووعەی **ئاڵۆز**دا کرد، هەر بەو نیەتەی کە بتوانم یەکپارچەی بکەم، هەماهەنگی و خۆشی بکەم، هەر بەو زەینییەتەوە تاووم دایێ، هەر هەمان شت کە لە مەجمووعەی **هار**دا تاڕادەیەکی باش خۆم بە سەرکەوتوو زانی، بزاوت و جووڵەکان و دەزووەکان، ئەو هێڵانە بوون کە دەبوایە وەکوو بنەما و پێکهاتە تێم بهاوێشتایە.

هەماهەنگ کردنی نێوان جووڵەکان و بزاوتەکان و شێوەی دەرەوەی فیگۆرەکان لەگەڵ ئەو ڕەنگە تازەیەی کە لە مەجموعەی **ژێر**دا بەدەستم هێنابوو و یەکپارچەکردنیان خواستی سەرەکی من بوو لەم مەجمووعەیەدا. بۆیە دەبوایە ناکۆک نەبوونایە. لە **ئاڵۆز**دا جگە لەوانە کۆمەڵێ چالاکیشم ساز کرد.

مەجمووعەی **ژێر** وەک تایبەتمەندییەکانی، وەکوو بەش و پاژەکانی بەلای منەوە لەدایکبوونێک بوو، هەر لەوێش نەوەستا، پێم وانییە ئەسڵەن بیەوێ بوەستێ، داهاتووی هەیە. ئێستاش بەردەوامیم بەو پرۆسەیە داوە. ئێستا کۆمەڵێ فیگۆرم هەیە کە حەرەکەتێکی ترم بۆ داڕشتوون، لەنێو بەش و پاژەکانیدا دەسەڵاتێکی نوێترم بۆ داڕشتوون لەگەڵ فەزای باکگراوند و لەگەڵ فەزای خۆی.



کۆمەڵەی ئاڵۆز، ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس

## بێدەرەتان

ئێستا کە لە مەجموعەی **بێدەرەتان**دا خەریکی خاوێن کردنەوە و پاککردنەوە، بە جۆرێ کە هەندێ شت لابردن و هێنانی هەندێکی تازەتر بەو شێوەیەی کە خۆی داوای دەکات، شتێ کە ئەم جیهانە نوێیە دەیەوێ. بەو فاکتۆرانەی پێشتر باسم کرد خواستی من گەیشتن بە جیهانبینییەکی هونەری ئەوتۆ بوو کە وەختێ چاوم بە هەر شتێ دەکەوێ و پێموایە ئەو شتە بێتە سەر (بووم-کانڤاس)، بە تەواوی لە هەموو ئەجزاکانییەوە بەسەریدا زاڵ بم، بۆ نموونە ئەو شتە ماڵێک بێت، حەیوان بێت یان هەر شتانێکی تر. چوونکە لەم قۆناغە تازەیەدا دەمەوێ لەگەڵ شکڵ و فۆرم و جووڵەکانی فیگۆر، هەندێ نزیکایەتی و دۆستایەتی دروست بکەم. ئیتر لەگەڵ حەیوان بێت یان شتانێکی تر بێت کە لەگەڵ فیگۆردا دەچنە نێو خانەیەکی بنەماڵەییەوە، هاومالێ.

ئەم مەجموعەیە ڕەوانە، لە هاتووچۆ و بزاوتی بەردەوامدایە، بۆ هەر شوێنێ بڕۆم لەگەڵ خۆم دەیبەم، ئەم ژووری خەوە دەبەم. جیا لەمەش پوتانسیەلی زیندووبوونەم پێداوە، هەردەم دەکرێ کاری لەسەر بکرێ.

مەبەستم لەو بزاوان و جووڵەیە چییە؟ ئەم مەجموعەیە لە پارساڵەوە لە مێشکما بوو، بەهار عەمەلی کرا، بە کۆمەڵێ درەخت دەستم پێکرد، هەموو بەیانییەک بەر لە خۆرهەڵاتن درەختێکم دەکێشا. ئینجا لە پایز و زستانیشی- پێ زیاد دەکەم . ئەمە ئەو حاڵەتی جووڵە و تەکانخواردەیە کە باسی دەکەم. بڕیاری تازە ئەمەیە کە هەر چوار دەوری ئەم ژوورە پڕە لە کار و وردە وردە وای لێدێ کە سەقف و ڕووبەری ژوورەکەش پڕەوە بێ. هەروەها ئەو کارانەی لەسەر عەرزن یان لەسەر دیواریشن دیسان دەکرێ تەکان بخۆن لەسەر بنەمای زەرورەتێک کە خۆم پێم وایە دەبێ بێ. بۆ نموونە (ئەمە ژووری خەوە و ناوی بە خۆیەوەیەتی) بۆ هەر شەوێک لە شوێنێک بخەوم، کارەکان دەجووڵێنم. بۆ دەڵێم دەبێ بگۆڕێن و دەجووڵێن، کۆی فەزاکە و جۆری چنینەکانی ڕیتمێکە، ***بوونێکی هەماهەنگن***. شوێنەکانیان دەگۆڕدرێن لە شوێنێکەوە دێت بۆ شوێنێکی تر، لەسەر بنەمای ئەو هەماهەنگییە کە پێویستە بەرهەمێک هەیبێت.

دەتونم بڵێم خۆیشم یەکێکم لەوان، کاتێ خۆیشم لەوێم. خۆم پڕی دەکەمەوە، بوونی خۆم وەک خەوتن و وەک لەوێ بوون.

ئێستا من یەک دنیا ڕەگەز و توخم و شکڵ فۆرمم لەبەر دەستە بێ گوێدانە ئەوەی کە چین، ئەمەش جۆرە مەشقێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو نەزمە دەروونییە، ئەو بوونە چواچێوەمەندە بەهێزە. ئەوانە لەسەر بنەمای زەرورەتی جوانیناسی لەپاڵ یەکدا بە شێوەیەکی ڕیتمیک ڕیکیان دەخەم، ئەمە هەردەم ئەزموونە، قەتیس نەبوونە. یەکێ لە جیاوازییەکانی ئەم مەجموعەیە (لەگەڵ ئەوەی کە سوورم لەسەر ئەوەی وەک

مەجمووعەیەک پێناســەی بکەم، جیاوازییەکی نەبێ لەگەڵ ئەوانی تر) بەڵام ئەمیان وەک ئەوانی تر ناکرێ بچنە دەرەوە و نمایش بدرێن، ئەم ئەو پوتانســیەلەی نییە. ئەمیش جیهانی خۆی هەیە، بەلاشــمەوە گرنگ نییە کە ئەو ڕێگە و ڕێرەوە بگوزەرێنێ بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێت کە ئەمە بەرهەمێکی هونەرییە، یانی نمایش بدرێت کەسانێک بێن بیبینن و ڕەخنەی لێ بگرن و بنووسن و ڕابدەن لەسـەری، بۆ ئەوەی خەڵکی باوەڕ بکەن کە ئەمە ئەسرێکی هونەرییە. با جارێک ئەو ڕێرەوە نەڕوات و بە گوێرەی پوتانسیەلەکانی بە ڕێڕەویکدا بڕوات کە هی خۆیەتی.



کۆمەڵەی بێدەرەتان

با بوعدێکی تریشی_ باس بکەم، لەو حاڵەتەی کە هەموو وەخت و تەمەرکوزت لەســەر مەجموعەیەکە بە مانگان و ڕۆژان. ڕەنگە وەخت و زەمانێک بێتە پێشەوە کە بە ویستی خۆت یان بێ ویســتی خۆت لێی دوور کەویتەوە، من ئەوەم دانابوو بۆ ئەم تایمە. هەر لەســەرەتاوە وەها کەڵکەڵەیەکم هەبوو، جاروبار هەســتم بە هەندێ ئەزیەت بوون دەکرد. ئەمە یەکێ لە پێویســتییەکانی ئەم شــوێنە بوو. بە تایبەت بۆ کەســێک بە ماوەیەکی درێژ تەنیا دەمێنێتەوە. مەبەستم تەنیامانەوە شتێکی داسەپاو نییە، هەڵبەت کارکردن هەر بە تەنیایی دەکرێ. ڕەنگە هەندێ کێشــە و ئەســتەمی بێنە ڕێیت، بۆیە

تەنیایی هەڵدەبژێری کە خەریکی کار بیت. ئەگەر کار نەکەی ڕەنگە زیاتر ئەزیەت بی و خۆشـــت تەحمول نەکەی. وەک خۆم ناچار بووم ئەو تەنیاییە هەڵبژێرم و دەرفەتێک بدەم بە خۆم کە ســەرقاڵی ئەو بیرکردنەوە و ئەو کارانە بم کە کەڵکەڵەی ســەرەکی منن. ڕەنگە ئەمە کێشە و دەردەسەری خۆیشی بێ، بە باشترم زانی بەم شێوەیە چارەی بکەم. ئەمەش بەشـــێکیەتی، دیســـان من هەر پێم هونەر و بەرهەمە بە هەموو ڕەگەز و ئێلێمانتانەی کە بەرهەمێک دەکات بە هونەر و بەرهەم.

شتیکی تریش پێوەندی بە مەسەلەی زاڵ بوونەوە هەیە، زاڵبوون بەسەر زەمانی ڕۆژانەت و ژیانت و هەموو ئەو مەســەلانەی کە پێوەندی بە خۆتەوە هەیە، بە جۆرێک وەســتانە لەبەرانبەر جەبرێک، ئیتر بە هەر ڕیگەیەک یان شــتێک بێت. جا بۆ ئەم مەبەســتە ڕوو دەکەیتە مەعریفە و لۆژیکێکی شـــەخسیـــ، بە جۆرێکی تر بەها و مانا دەدەیتەوە بە شــتەکان، بەو جۆرەی کە لای تۆ ڕاســتەقینەترە، نەک بەو جۆرەی داســەپاوە بەســەر مرۆڤدا.



ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٧

# لەنێوان مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمدا

لەنێو شـێوەکاری پۆســت مۆدێڕندا (لەگەڵئەوەی کە هەندێ شــتی هاوبەشــم هەیە لەگەڵ پۆست مۆدێرنیستەکان بەڵام من خۆم بە شێوەکارێکی پۆست مودێرن دانانێم، زۆریش کێشــەم هەیە لەگەڵیاندا) پۆســت مودێرنیســتەکان دێن لە مانا و ناوەڕۆکەوە دەســت پێدەکەن بە پێچەوانەی مۆدێڕنیســتەکان، هۆنەرمەندی مۆدێرن سـەرەتا دێت لە هیچەوە دەســـت پێدەکات، یانی لە تابلۆیەکی ســـپییەوە دەگەڕێ دەگەڕێ تا لە فۆرمەوە ئەگات بە مانا، بەڵام کاری پۆست مۆدێرنەکان لە ماناوە بەرەو فۆرمە، بۆیە من پێشتر دەزانم چی دەکەم کۆمەڵێ تەرحم هەیە و بۆ هەر کارێکیش کۆمەڵێ تەرح لیدەدەم، یانی گەر پانزە کار بێت دیارە زۆرم تەرح بۆ لێداوە، یان جاری وایە یەک کارم دوو سێ جـار کردووە، پێش ئەوەی بێمە ســـەر تـابلۆ دەزانم چیم دەوێ، زۆرجـاریش لە کاتی کارکردندا شتێکم دەستکەوتووە کە زۆر لەو شتەی کە خۆم لە بیرمدا بووە دەستکەوتێکی زۆرتری هەبووە. زۆرجـار ئەوەم بۆ پێشـــهـاتووە، بۆیە دەکرێ بڵێم ***هەم دەزانم چی دەکەم هەم نازانم چی دەکەم***، ئەمە یەکێ لە خەسڵەتی منە.

کاتێ دەڵێم دەزانم چی دەکەم مەبەســـتم لە تەرحەکانە، لەچوارچێوەکەیە کە مومکینە دواییش تێک بچێ، ئەوەش کە دەڵێم نـازانم بۆ چی وای لێدێـت مـانـای ئەوە نییە کە لەگەڵیدا ســـازگار نیم. مەبەســـتم ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو غەریزانەدا هەماهەنگم. زۆرتر ئەجزاکانە کە ڕەنگە وەلابنرێن و شتی تری پێ زیاد بکرێ.

پۆست مودێرنەکان دێن بەیانییە دەنووسن و لەسەر ئەو شتە قسە دەکەن کە بۆچی ئەو کارە دەکەن. کێشــەم هەیە لەگەڵ ئەو کارانەی کە کراوە، دەبێ بڵێم جیاوازییەک لە بەینی خۆم و ئەوانەدا دەبینم. لە زۆربەی ئەو کارە پۆست مۆدێرنانەی بینیومن، جۆرێک بوونی ســاختەییەکی ئەنقەســتانەیە، یانی بە ئەنقەســت مەســنووعیان کردووەتەوە، من ناتوانم بەو جۆرە کار بکەم ئەســـڵەن یەکی لە پێکهێنەرەکانی کاری من ئەوەیە، ئەو ڕەگە هەســـتەوەریانەیە و تەنـانەت دەتوانم بڵێم جـادوویی و مەســـتـانە. ئەمە یەکێ لەو جیاوازیانەیە کە هەرگیز ناتوانم لەگەڵی بگونجێنم، تەنانەت لە تارانیش کە زۆرینەی بەدەســت پۆســت مۆدێرنیســتەکانە، دێن قســەیەک دەکەن و پاشــان دێن کۆمەڵێ کار دەکەن بە ئامراز و شیوەی جیاواز لەسەر **بووم**دا یان لەسەر جەستەی خۆیاندا یان بە ڤیدیۆ یان هەر شــتێ کە لەگەڵ ماناکەیاندا هەماهەنگە دەیکەن، ئەم ســتایلی خۆیانە، لەگەڵ ئەوەشــدا هەندێ کەســم بینیوە فاکت و مانیفێســت لەپاڵ یەکدا ڕیز دەکات بۆ نموونە یەکێکیان تەنزە یەکێکیان نەبوونی ســتراکتۆرە، یەکێکیان تەســەنووعە و ئەم شــتانە لەســەر **بووم** بەکار دەهێنێ، ئەمە بەلای منەوە هەمان ســفارشی کارکردن نەبێ هیچی تر نییە.

مۆدێرنیزم کە خۆی بەردەوام تازەبوونەوەی وای لێکرد کاری گەیشـــت بە مینیمالیزمێکی زیادەڕوانە، **مینیمالیزم** لەناو پەیکەرتاشی و شێوەکاری و... جێی هەموو شتێکی گرتەوە و

ئینجا پۆست مۆدێرنیزم هەر لەسەر ئەساسی ئەو تازە بوونەوەیە هات کۆمەڵی ڕەهەندی تری بۆ کاری هونەر دارشت. لەگەڵئەوەشدا کە ئەو دەورە مێژووییە وەک شێوەکاری مۆدێرن تەواو بووە، بەڵام ناتوانین مۆدێرنیزم وەک بازنەیەکی زەمانی، مێژوویی لەبەرچاو بگرین، کە کەی لەدایک بووە و کەی تەواو بووە. ڕەوت و ڕێرەوەکەی لەبیر و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیان لەبیر بکەین. ناکرێ بە تیۆری تەماشای بکەین و بڵێین تەواو بووە، بۆ نموونەی ئەوەی من زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە بەردەوام دەوڵەمەند کردنەوە و کارکردن لەسەر هەستەکان و ئەو شتەی زۆر پێداگری لەسەر دەکەم، مەگەر بۆ نموونە کارکردن لەسەر ئەو جۆرە هەستەکان تەنیا دەکرێ بڵێین ئەم هەستانە شتێ بووە بۆ سەردەمانێک بۆ دەوارانێک کە شەست هەفتا ساڵێک لەمەوبەر جەماعەتێک بە ناوی هونەرمەندی مۆدێرن ئەوە لە وجودیاندا بووە، بۆ مەگەر هەر ئەوان ئیحساسیان هەبووە و کاری پێبکەن. ئێ منیش وەک پێشتریش وتم یەکێ لە توخمە سەرکییەکانی کاری من ئەو ڕەگە جادوویی و هەستەوەریانەیە، دواجار نواندنێکی مۆدێرن بە کارەکەی من دەدات، یانی وەک کارێکی مۆدێرن دەردەکەوێ. وەک وتم سوورم لەسەر ئەمە.

## تراژیدیای شەهوەت

لێرە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی پێشتر باسم کرد کە وەکوو ستایلی کارکردن بۆ خۆم هەڵمبژاردووە، وەکوو ***ڕووتبوونەوەیەکی بێ ئەملاوئەولا***، وەکوو دەرخستن و ئاشکراکردنی لایەنەکان لە بوونی خۆم. دیارە ئەم بەشە تراژیکەش کە دەردەکەوێ یان با بڵێین بەو جۆرە کە خۆی لەسەر پانتایی کانڤاسەکە پیشان ئەدات. دەتوانم بڵێم تەنیا بەم شێوەیە دەتوانم ڕازی و قایل بم و سووکناییم بشکێ. شێوازی کارکردنی تریشم تاقی کردووەتەوە، تەنانەت لەسەر فیگۆر و چوونە نێو سروست و کەژ و کێو، یان نیشاندانی فەزا و کەشێکی شادیبەخشیشم ئەزموون کردووە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە تەنیا بەم جۆرەیە کە دەتوانم ڕازی بم لە خۆم و لە بەرهەمەکە. ئاماژە بەوەش بکەم کە چەندین جار لەلایەن بەردەنگەکانەوە ئاماژەی پێکراوە، ئاگادارکراومەتەوە، ڕەخنەی لێگیراوە، یان بیستوومەتەوە کە وتراوە ئەمە بانگەوازێکی مەنفییە بۆ ژیان. بەڵام من لەمەدا جۆرێک لە داوەریکردنێکی ئەخلاقی دەبینم کە زۆر نابابەتیی و نەشیاوە. خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمێکی هونەریدا دەبێ ئەو پیوەرە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤە وەلا بنرێ. دەبێ کەمێ سەرتر بڕۆی و جوانی و تێروتەسەل بوون و پرچێژبوون و کەیفووربوونی بەرهەمەکە پێوەر بێت.

ئەگەر خۆم بتوانم جیاوازییەک بڵێم لەگەڵ ئەم جۆرە کارە لەگەڵ بەرهەمەکانی تر کە لەم شێوە نیین، یەکێ لە ڕەهەندەکانی ***جۆرە وزە بەخشینێکی ترە بۆ خۆم***.

ئێستا گەر بێم گەڵایەک یان درەختێک هەڵبژێرم و بیهێنمە نێوە کارێکەوە، پێموایە بەو شێوەیە تاریکە و بەو ڕەگەزە تراژیدییە بێتە سەر کانڤاسەکە.

من کاری فیگۆراتیف دەکەم، بۆ فیگۆرەکە مەوقعیەتێک هەڵدەبژێرم، یان ژێستێکی پێدەدەم، وەک پێشتریش وتم بۆ مەجموعەی **هار** جووڵەیەکم بۆ دارشت، جووڵەیەک لەسەر بنەمای ئەو ژێستەی کە خۆم پێم باشترین جووڵەیەک بوو کە بە زەینی مندا هات و هات بە دەستمەوە، بەکارم برد. بۆچی و چۆن ئاوا گرمۆڵە دەبن و بە جۆرێک ملۆچە دەبن، یان چ جۆرە پاڵنەرێکیان لە پشتە. بەشێکی زۆری شەهوەتە، کاری من شەهوەتە. بەڵام نەوەکوو کارێکی فیگۆراڵی ئاسایی، یان کارێکی پرنۆگرافی، بە هیچ شێوەیەک لەو شتانە نییە. لەم گرمۆڵەکردن و پێچەوانەکردنی فیگۆرەکان و وەلانانی کۆمەڵێ شت لە خودی فیگۆرەکە و دارشتنی دەسەڵاتێکی تایبەت بۆ خودی فیگۆرەکان، کە زۆرتر ڕەنگ و بۆی تراژیک بە خۆیەوە دەگرێ (هەرچەندە من یەکەم کەس نیم کە ئەو کارە دەکەم)، بەڵام من هەوڵم داوە بە شێوەی خۆم ئەوە بکەم.

من هیچ حەزم بە کاری ئیگزاژێری (زیادەڕەوی و گەورەکردنەوە)نییە، بۆ نموونە سەربڕان و خوێن ڕژان و ئەوانە، من ئەو کارانە ناکەم. هەروەها لەگەڵ تەغەزولی (شەیدایی) کردنی دارک و موسیبەتەکاندا نیم. بەڵکوو لەگەڵ جۆرە هەستیارییەکی فیگۆرەکاندام.

## بەرهەم و بەرپرسیارییەتی

## "هونەر ناتوانێ سیاسی نەبێت"

هەموو ئەو مەسەلە و ڕووداوانەی بەسەر کورددا هاتووە و بووەنەتە شوناسی، منیش وەک تاکێک لەمسەم کردوون و لەگەڵیان ژیاوم، هەم وەک شوێن کە تیای لەدایک بووم و تیای دەژیم، هەم لەگەڵ خەڵکەکەی کە لەناویاندا و لەگەڵیاندا گەورە بووم. شێوەکاری وەک گۆڕەپانێک وایە، وەکوو ژوورێک وایە، با لێرە نموونەیەکی بهێنمەوە جارێک تماشای فیلمی ستالکێری تارکۆفسکیم دەکرد، بەدوای ژوورێک دەگەڕان بە هۆی ئەو ستالکێرەوە، کە ڕێنوێنیکەریان بوو، دەگەنە بەردەم دەرگەی ژوورەکە ئینجا بە نووسەرەکە دەڵێ ئێستا بڕۆرە ژوورەوە، با ئاوات و ئارەزوو و خواستەکانت و ئەوەی لەناو دەروونتایە ڕاستی بێتەڕوو، نووسەرەکە دەڵێ من بە گومانم و دەترسم کارەساتێک ڕووبدا. ئەو فیلمەم کە بینی بیری شێوەکاری کەوتمەوە هەستم کرد شێوەکاری بۆ من وەک ئەو ژوورەیە، کاتێ دەڕۆیتە ژوورەوە ئیتر قووڵترین و غەریزیترین و هەموو ویست و مەیلەکان و هەموو ترسەکان و خواستەکان بەیەکەوە وەک بڵێی لێرەدا دەرفەت و مەجالی دەرکەوتنییان و ئاشکرابوونیان هەیە، من ئاوا بۆی دەچم، باوەڕێکی پتەوم هەیە بەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا هونەر درۆیەکە لە ژیاندا، بەڵام کاری هونەر دەبێ بەتەواوی

ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینانە بێ لەهەمبەر خواستەکان و ئەمیالەکان و غەریزەکانی خودی کەسی هونەرمەند.

ئەوەشی ئەگەر باسی بەرپرسیاریەتی بێت بەرانبەر بارودۆخی کورد یان هەر شتێکی تر، ئەلبێر کامۆ وتەیەکی هەیە سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی نووسەر و هونەرمەندان دەڵێ "من پێموایە نووسەرەکان لە ژیانی ئاساییاندا بەرپرسیاریەتییان زۆرتر بێت و داوای هەڵوێستیان لێ بکەری، بەڵام لەکارە هونەرییەکانیاندا ئازاد بن. واشی لێهاتووە گەر شاعیرێک شیعرێک بەسەر بەهاردا بهۆنێتەوە پێیان وایە کە ئەوە نەوکەری سەرمایەدارییە."

ناکرێ ئێمە ئەخلاق لە شتەکان بروانین و بڵێین مادەم کابرا لەسەر بۆ نموونە کارەساتەکانی کۆڵبەران کارێکی هونەری نەکردووە، کەواتە ئەمە چی و چی نییە، ئەمە زۆر مەترسیدارە. بە زۆر شێوەی دیکە دەکرێ کار بکرێ لەسەری، ئینجا لەمەدا بەهیچ شێوەیەک نامەوێ بڵێم نابێ کاری لەسەر بکرێ، بەهیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە. بەس باسی جۆرە هەڵەتێگەیشتنێک دەکەم کە بە ئاشکرا دەیبینم. هونەر و سیاسەت و پێوەندی ئەم دوانە، سیاسییە دەسەڵاتدارەکان گەوجاندن و کۆیلەکردنی خەڵکەکەیان دەوێت، بەڵام لێرەدا ***هونەر ئازادی دەخوڵقێنێ*** و ئەوان ناتوان ئاراستەی بکەن. ئێستا لە دنیای ئەمرۆی چەواشەکارییەکان و لە میدیا و تەلەفزیۆن و هتد کە لە هەموو لایەکەوە دەوری ئینسانی داوە و خواستی بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکانە، هونەر ڕێی ڕاستەقینەی خۆی بڕوات هەم بەرنگارییە هەم سەرهەڵدانە. من ئامادەم لە ژیانی واقیعیدا گەر مەسەلەیەکی ویژدانی هەیە حەتمەن لە بەرەی هەق و ڕاستیدام، بەڵام بە مافی خۆم دەزانم کە ناچار نەکرێم ئەمە ببەمە نێو هونەرەکەمەوە.

لێرە دەبێ ئامرازیش لەبەرچاو بگرین، سینەماکارێک لەڕێگەی سینەماوە کۆمەڵێک شت بەیان دەکات، ڕاستە لە شێوەکاریشدا ئێمە کەسێکی وەک پیکاسۆمان هەیە کە قۆناغی زۆری بڕی، یەکێ لەو قۆناغانە سوور بوو لەسەر هەندێ هەڵوێستگرتنی سەخت بەرانبەر هەندێ دیکتاتۆر. بەڵام من پێموایە ئەمە بە تەنیا کافی نییە. کاتێ دێینە نێو ئەم بازنەیەوە کۆمەڵێ ڕەفتاری پۆپۆلیستی دەبینین، هەندێ سواری شەپۆلەکان دەبن. هونەرمەند دەبێ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆیدا، بەڵام ئەمە بەلاڕێدابردنێکی ترسناکە.

بۆ جۆرێکی تر لێی نەڕوانین بۆ سەیرێکی ئەو کارانەی خۆم کردوومن، نەکەین. بۆ نموونە مەجمووعەی **ژێر** کە قوورساییەکی زۆری لەسەرم بوو، نەشمویستایە نەمدەتوانی ڕەچاوی نەکەم، کاتێ دەڵێم ڕاستگۆیی مەبەستم ئەمەیە نەمدەتوانی خۆمی لێ دەرباز بکەم ئیتر بەم ستایل و فۆرمە بەرهەم هات. بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو جۆرە سەختگیریانەدا نیم، ئەسڵەن ناتوانم مەرج و شتانێکی وا قبووڵ بکەم، دەگەڕێمەوە سەر وتەکەی کامۆ ئێمە دەکرێ چاوەڕوانی بەرپرسیاریەتی و هەڵوێستمان لە خودی کەسەکان بێ، کە دەوروبەری و خەڵکەکە و خۆی دووچاری قەیرانێک بووە، لێرە

بەرپرسی وەک خۆت، بەڵام ئەوەیکە حەتمەن پێی لەسەر ئەم دۆخ و قەیرانانەدا کاری هونەری بکەی یان هونەرەکەت لە خزمەت ئەوانەدا بێت ئەوە ئیتر حوکم و مەرجێکی بێ مانایە و من قبووڵم نییە. ئێستا لە ئێرانیشدا ئەو ڕوانینە زۆر زاڵە، من ئەمەم قبوڵ نییە و هەستیش ناکەم هیچ جۆرە تاوانێک یان خۆدزینەوە و ئیهمالییەک بێت. بە پوختی ***من دژی ئەو بۆچوونە زۆردارانەیەم***، باشترە ئەو مەجالە ئەو ئازادییە بدەین بە خۆمان و بەوانی تریش، با ئەو جوانییە وەک خۆی گەشە بکات، مەسەلەکە دەوڵەمەند بوون و گەشە و بواژانەوەی سەلیقەکانە، ئەمەش لای من یەکێ لە ئەولەویەتە ڕەسەنەکانە. بەڵام ئەوانی تر کە بۆ هونەر ئەم بەرپرسیارییەتییەیان قبووڵە، کێشەم نییە، بەڵام بۆ هونەری نەکەنە مەرج، ئەمە ترسناکە. چونکە بە ڕاستی بەس بەم مەرج و ڕوانگەیەوە کەس نابێتە هونەرمەند.

بەڵام لە دەرەوەی ئەم شەرت و مەرجەدا بڵیم، بێ هیچ گومانێک هونەر ناتوانێ سیاسی نەبێت، دەوڵەت، دەسەڵات و دامودەزگاکانی و میدیا و ڕاگەیاندنەکانی مەحکومیەتێک و داسەپاندنێک هەیە ئەسڵەن مەگەر هونەر دەتوانێ خۆی دەرباز بکات. دیارە یان دەبێتە پروپاگەندە بۆ ئەو فۆرماسیۆنە زاڵە و بارودۆخە داسەپاوەکە دەکات و یان لەگەڵی نییە، ئیتر ئەم فۆرماسیۆنە زاڵە هەوڵی لەناو بردنی دەدات، تەنانەت ئەم کاری بە سیاسەتیش نەبێ، هەر لێیناگەڕێن، وردە وردە لە فیکر و بەرچاوی مرۆڤەکان مەحوی دەکاتەوە. **هەمیشە هونەر بە تەواوی پێچەوانەی بارودۆخەکانە.**

ئەم فۆرماسیۆنە زاڵە هەمیشە مەیمونی دەوێ و خەریکی بێبەها کردنی شتەکانە، ئەمانە هەمووی نالەبار و زۆر خراپن. هێندە زەلکاوە گەر شتێکی باش و جوانیش بکرێ لەنێو خۆیدا ونی دەکات. بە کورتی ***هونەر دەبێ خۆی بێت بە هەموو پێوەرە جوانیناسییەکانی و کارێکە بۆ بوژانەوە و زیندووکردنەوە***. هەر کەسێک بیەوێ کاری هونەری بکات و کارێکی نوێ بکات بۆ یەکەم جار ئەو ژەنگە لە خۆی نەکاتەوە کە بە هەزار شێوە بەسەریدا سەپێنراوە و بێ دوودڵی و هیچ گومانێک نەفرەت لەو زبڵدانە لەو هەموو ئیبتزالە نەکات، هەنگاوی یەکەمی بۆ داهێنەر بوون هەڵنەگرتووە. ئەمە هەر باسی هەنگاوەکە، ئینجا نەوەستان و دانەبڕان. هونەر سیاسی دەبێتەوە کاتێ تۆ ناتەوێ ئەو کڵێشانە و ئەو قۆڕیاتانە نەکەی و ساز نەبی لەگەڵیاندا. بۆیە دەبێ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە لە خۆتا بکەی، ئەمەش خۆی لە زاتی خۆیدا سیاسییە. هونەرمەند نابێ لەگەڵ بارودۆخی زاڵدا بێت.

**هونەرمەندبوون ستایل و شێوازێکی ژیانکردنە،** بەو جۆرەی کە لەسەرەتاوە هەموو تەمرکوز و سەرنج و فیکر و خەیاڵی لای دەربڕینی ئەو شتانە، ئیتر هەموو ژیانی تێکەڵی ئەوە دەبێ، زۆرتر بەرەو ئەو شتانەی کە سەرنجی دەبەن، دەڕوا. ئەمەش جۆرە سەوداییەکە تا ئاستێک کە هونەرمەند جاری وایە تەنانەت ژیانی و خۆی بیر دەچێتەوە.

# بەردەنگ هونەرمەندە

بەردەنگ یان بینەر ئەو کەسـەیە کە بە باشی و جوانی ئاگاداری بەها و گرنگی جوانیناسی هونەرە.

ئینسـان کاتێ دێتە نێو پانتایی جوانییەوە، دەرگیری هەسـتکردن بە خۆی دەبێت. یان با بڵێم  خۆی ئیحساس دەکات. کاتێ ئینسان لەناو ئەم قەڵەمڕەوەدایە، لەناو ئەو ڕەهەندە لە ژیاندایە یانی لەناو جۆرێک لە سـەرخۆشی و ئیحسـاسی هەسـتەوەرانەدایە. لەو ساتەوەختەدا بەردەنگ دەبێتە هونەرمەند.

بینەر و بەردەنگی بەرهەمەکانی من، لەڕاسـتیدا ڕەنگە ئەسـڵەن ڕا و هەسـتی خۆی دەرنەبڕێـت یـان نەشـڵێـت کە کاری تۆم دەیوە، بەڵام ڕەنگە لە بەرکەوتنی لەگەڵ تابلۆیەکدا ئەو فیعل و ئینفعالە لە ناویدا ڕوویدابێت. یان دەکرێ لەگەڵ بەرهەمەکەی مندا نەسازابێ و نەیتوانی بێت پێوەندی لەگەڵ ببەستێ.

بەگشـتی بەردەنگ دەتوانێ هێز و وزەیەکی وەرگرتبێت، ئەم هێزەش ژیان بەخشـە، بۆیە دەڵێم بینەر یـان بەردەنـگ هونەرمەنـدە. ئەمەش بەهـادانە هەم بە بەرهەم هەم بە بەردەنگ هەم بە هونەرمەند. بۆیە پێموانییە بەردەنگ کەسـێک بێت لەو خوارەوە و هونەرمەند لەو سەرەوە. مەبەستم ئەوە بە بێواسـتەترین شـێوە بتوانێ پێوەندی لەگەڵ ئەو بەرهەمە ببەستێ.

خـاڵێک لەمەدا گرنگە ئەوەیە کە ئیتر بەم شـێوەیە بێمـانـایە بەردەنـگ بڵێ من ئەو چاوەڕوانییەم هەیە لە هونەرمەند. دیاردەیەکی مەترسـیدار هەیە ئەویش ئەوەیە دەڵێن بزانین بەردەنـگ چی دەوێ. یـانی بەرهەم بۆ خـواسـتـی بەردەنگەکـانە، ئەم کەی مەعریفەیە، ئەمە ترسناکە.

بەردەنگێکمان هەیە کە ڕەخنەگرە، ڕەخنەگریش لەناو بازنەی بەردەنگ بووندایە، بەڵام کـاری ئەو وردتر بینین و هەڵسـەنگـانـدنی ئەو بەهـایـانەیە کە لەنیو بەرهەمەکەدا خراوەتەڕوو، خوێنـدنەوە و تەحلیلیان بۆ دەکات، مەبەسـتیشی ـ خودی بەرهەمە. هەڵبەت یـان بە ڕەگەزێکی بەرهەمە دەگەشـێنەوە و وەک مـاهیەتی بەرهەمەکەی دەناسـێنن یان ئەو بەشـەی لە بەرهەمەکەدا سـەرکەوتوو نەبووە و ڕەخنەی دەکەن. بۆ من هەر دوو لایەنەکەم بۆ گرنگە و ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی گـوتـارێکی هونەری و ڕێکەرەوە بێت.

دیارە لەسـەردەمی پۆسـت مۆدێرندا گۆڕا، بۆیە جێی خۆیەتی ئەمەش بڵێم کە من هێشـتا نەمتوانیوە ئەو شـەهوەتە سـەیر و سـەمەرەیەی بەشـێکی زۆری پۆسـت مۆدێرن درک بکەم بۆ نزیـک بوونەوەی هەرچی زۆرتری جەمـاوەر و کۆمەڵانی خەڵکە لە بەرهەمی هونەری. کەسێک بە سـەعات لە بەرهەمێکی هونەری ڕادەمێنێ، کەسێکیش بە ئاسانی

له پەنایدا ڕەت دەبێ. یەکێک بەرهەم بەلایەوە پرس و مەسـەلەیە، یەکێکیش نییە. بەو جۆرەی لێیان تێگەیشـتم وەک خۆیان دەڵێن ئەو مەودا و دابڕانەی کەوتووتە نێوان هونەرمەنـد و کۆمەڵانی خەڵـک نەهێڵن، ئەمەش ڕوانگەیەکی سـوسـیـالیسـتی کۆمەڵنـاسـانەیە. بەڵام نەک هەر کۆمەڵانی خەڵـک زەوق و سـەلیقە و پێوەری جوانیناسانەیان نەهاتە سەرەوە، بەڵکوو ئەو خەڵکە زیاتر کشانەوە لەم هونەرە(هونەری پۆسـت مۆدێرن)بەنیسـبەت هونەری مۆدێرنەوە. دەتوانم بڵێم کە نەک ئەوان نەهاتنە سەرەوە، بەڵکوو ئەمان هونەرەکەی خۆیان هێنایە خوارەوە.

بۆیە هەر پێداچوونەوەیەک لەبارەی بەردەنگ و هونەردا هەبووە، تەنیا لەسـەر کاغەز مایەوە و لە واقیعدا ڕووی نەدا.


diakô









## ئەلبومی تابلۆکانی کۆمەڵەی (ژێر)











ئەلبومی تابلۆکانی کۆمەڵەی (ئاڵۆز)











## ئەلبومی تابلۆکانی کۆمەڵەی (بێدەرەتان)









ئەلبومی تاک بەرهەمی ساڵی ٢٠١٧





